سەید حەکیم و مالکی: یەکڕیزی چوارچێوەی هەماهەنگی گەرەنتیی□ □ ب□ بەردەوامی سەقامگیری و دروستکردنی بڕیاری نیشتمانی



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز نوری مالکی سەرۆکی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا کرد و لەم دیدارە باس لە شایستەکانی داهاتوو کرا.

هەردوو لا پالپشتی خۆیان بۆ ڕێرەوی سنووردارکردنی چەك بۆ دەستی دەوڵەت لەڕێگەی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ ستایشی رۆڵی گروپەکان لە بەرگری کردن لە عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کرد.
سەماحەتی حەکیم پالپشتی خۆی بۆ هەڵمەتی نەهێشتنی گەندەلی دووپات کردەوە و داوای کرد دۆسێیە گەورەکان بەئامانج بگیرێن و پارەی گشتی بگەڕێندرێتەوە و دووپاتی کردەوەش کە پێویستە بەداتا کردن لە حکومەت هەبیت بۆ ڕێگا گرتن لە دزینی پارەی گشتی.
لەکۆتاییدا دووپات کرایەوە کە گرنگە یەکڕیزی چوراچێوەی هەماهەنگی بەردەوام بێت و ستایشی هەموو ئەو ئەرکانەی کرد کە دراوە لەپێناو سەقامگیری و بەشداربوون لە دروستکردنی بڕیاری نیشتمانی هەروەها داواشی کرد هەردوو لا بەردەوام بن بۆ تەواوکردنی کابینەی حکومی و دیاریکردنی کەسایەتی کارامە و بەتوانا و دەستپاك.